# بەبەرهەمی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا

**م. ی. سیروان عەبدوڵڵا ئەحمەد**
بەشی کوردی _ فاکەڵتیی پەروەردە _زانکۆی سۆران
Sirwan.ahmed@soran.edu.iq

**پوخته**

ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر دەرخستنی ڕێژەی بەرهەمداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە بەرهەمداری ئەم پرۆسە زمانییە بسەلمێنێت، لە لایەک ئەو ئەندامانە دەستنیشان دەکات، کە بەشدارن لەم پرۆسەیەدا، لە لایەکی ترەوە ڕێژەی بەشداری هەر یەک لە ئەندامەکان دەستنیشان دەکات لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا.

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی ئاماری ئەنجامدراوە، جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە دیاردەی بەبەرهەمی و ئیدیۆم کراوە، لە بەشی دووەمدا باس لەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ کراوە کە بەشدارن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا، ڕێژەی بەبەرهەمی هەر یەکێکیان دەستنیشان کراوە.

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە (٢٣) ئەندامی جەستەی مرۆڤ بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی (٣١٩) ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چالاکترین ئەندام بریتییە لە (دەست)کەبەڕێژەی (١٩.٤٤٪) بەشدارە لە پێکهێنانی ئیدیۆمەکاندا، (قوڕگ) سستترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە، تەنهابەڕێژەی (٠.٦٣٪) بەشدارەلەبەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا.

**وشە سەرەکییەکان:** بەبەرهەمی، ئیدیۆم، پڕ بەرهەم، نیمچە بەرهەم، بێبەرهەم.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ناساندنی دیاردەی بەبەرهەمی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ و ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردە زمانییە و دەرخستنی ڕێژە و ئاستی بەشداری ئەندامە جیاوازەکانی جەستەمان لەم بوارەدا.

## گرنگیی توێژینەوەکە

بەبەرهەمی دیاردەیەکی بەرچاوی هەموو زمانێکە، ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیشدا دەبیندرێت، گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدا بەرچاو دەکەوێت، کە لایەنێکی گرنگی ئەم دیاردە زمانییە شیدەکاتەوە، داتا و ئاماری ورد دەخاتە ڕوو سەبارەت بەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە لە لایەکەوە دەستنیشانی ئەم ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ بکات، کە بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، لە لایەکی ترەوە ئامانجمانە ڕێژەی بەشداری و ئاستی بەرهەمداری ئەندامەکان دەستنیشان بکەین لەم بوارەدا.

## کەرستەی توێژینەوەکە

کەرستەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە زاری کوردی ناوەڕاست، واتە ئیدیۆمەکانی ئەم زارە دەستنیشان کراون، بە مەبەستی خستنەڕووی ئاستی بەبەرهەمی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا، پشت بەستراوە بە (فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کودیدا) لە نووسینی (عەبدولوەهاب کانەبی شەریف) ئەم فەرهەنگە وەک نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشان کراوە ڕێژە و ئاستی دووبارەبوونەوەی ئیدیۆمەکان لەم فەرهەنگە وەرگیراوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی ئاماری کراوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

ـ کام لە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا؟

ـ ڕێژەی بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لەم بوارەدا لە چ ئاستێکدایە، چالاکترین و سستترین ئەندامی جەستەمان کامەیە لەم پرۆسەیەدا؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی دیاردەی بەبەرهەمی و ئیدیۆم کراوە، لە بەشی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر دەستنیشانکردنی ئەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ، کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا، هەروەها ڕێژەی بەشداری هەر یەکەیان لەم بوارەدا خراوەتەڕوو. دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، ئینجا ئەو سەرچاوانەی، کە سوودیان لێ وەرگیراوە ڕیزکراون. لە کۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**١) بەبەرهەمی لە ئیدیۆمدا**

لە بەشی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر ناساندنی زاراوەکانی بەبەرهەمی و ئیدیۆم، کە خۆی لە دوو تەوەرەدا دەبینێتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا بەبەرهەمی بەگشتی و بەبەرهەمی زمانی باسی لێوەکراوە، لە تەوەرەی دووەمدا ئیدیۆم و واتای ئیدیۆمی خراوەتە ڕوو.

## ١_١) چەمک و ناساندنی بەبەرهەمی لە زماندا

لەم تەوەرەدا باس لە چەمک و ناساندنی بەبەرهەمی کراوە، دواتر دیاردەی بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی و پلەکانی بەبەرهەمی خراونەتەڕوو.

### ١_١_١) چەمکی بەبەرهەمی

بەبەرهەمی لە گشت بوارەکانی ژیاندا ڕەنگدەداتەوە، واتە (بەبەرهەمی لە سەرجەم بوار و زانستە جیاجیاکاندا، واتایەکی گشتی دەبەخشێت، واتە سنوور و چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە و تەنیا بە زانستێکی تایبەتەوە نەبەستراوەتەوە) (سعید،٢٠١٣،٨). بۆ نموونە لە بواری کشتوکاڵدا کاتێک جوتیارێک، توێشووی ساڵەکە کۆدەکاتەوە سوودێکی زۆر باشی دەستخستووە لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی کە کێشاویەتی، کەواتە هەوڵ و ماندووبوونەکەی بەرهەمدار بووە. هاوشێوەی بوارەکانی تر ئەم دیاردەیە لە زمانیشدا بەدیدەکرێت، سەرەڕای ئەوەی دەمێکە زمانەوانان ئەوەیان سەلماندووە، کە هیچ زمانێک لە زمانێکی تر پێشکەوتووتر نییە، بەڵکو هەموو زمانەکانی جیهان لە بنەڕەتدا یەکسانن، ئەویش بەوەی، کە هەر زمانێک لە کۆمەڵێک دەنگ پێکدێت و لەئەنجامی لێکدانی ئەم دەنگانەش بڕگە و لهئەنجامی لێکدانی بڕگەکانیش مۆرفیم و وشەکانی زمان بەرهەمدەهێنن، دواتر لە ڕێگەی خستنە تەکیەکی وشەکانی زمان ڕستە دێتە بوون، لەڕێگەی دەربڕینی چەند ڕستەیەکیش ئاخێوەر ئەو پەیامەی، کە هەیەتی لە چوارچێوەی دەقێکدا دەیخاتەڕوو، ئەم دیاردەیەش لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هاوشێوەیە، واتە لەڕووی پێکهاتنەوە زمانەکانی جیهان یەکسانن، بەڵام ئەوەی وای کردووە زمانێک شکۆدارتر بێت لە زمانێکی تر ئەو بارودۆخە جیاوازەیە، کە بۆ هەر یەکێک لە زمانەکان ڕەخساوە.

یەکێک لەو دیاردانەی، کە لە زماندا بەدیدەکرێت بریتییە لە بەبەرهەمی، واتە لە زمانێکدا دەکرێت، لە ئاستێک یان لە لایەنێکی دیاریکراوی زمانەکەدا ئەم دیاردەیە بەدیبکرێت، بۆ نموونە لە ئاستی وشەسازیدا، زمانی کوردی زمانێکی بەبەرهەمە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری پێشگری وشەدارێژی /بێ/ بکەین کاتێک، کە دەچێتە سەر مۆرفیمێک زۆربەی کات سیمایەکی نەرێنی بە وشەکە دەبەخشێت، بۆنموونە: (بێڕێز، بێهێز،بێهەست، بێهۆش، بێغەم، بێتاوان ...)، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەبەرانبەر ئەم مۆرفیمە بەندەدا چەند مۆرفیمێکی جیاواز بوونیان هەیە، کە لەبەرانبەر مۆرفیمەکە دەوەستن و دەبن بە دژواتا بۆی، واتا سیمایەکی ئەرێنی بە وشەکە دەبەخشن، بۆ نموونە /بە/ لە وشەکانی (بەڕێز، بەهێز...)، /یار/ لە وشەکانی (هەستیار، هۆشیار...)، /بار/ لە وشەکانی (غەمبار، تاوانبار...) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مۆرفیمی وشەدارێژی /بێ/ بە بەراورد بە مۆرفیمە دژواتاکانی بەرهەمدارترە چونکە بەکارهێنانی زۆر لەوان زیاترە لە زمانی کوردیدا.

**١_١_٢) ناساندنی بەبەرهەمی لە بواری زماندا**

زاراوەی بەبەرهەمی (productivity) بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٣٨ لەلایەن (dietz)ەوە بەکارهاتووە، دواتر چەندان زمانەوانی تری وەکو: یەسپرسن، گریم، کایجۆفسکی، نایرۆپ، زاراوەکەیان بەکارهێناوە (کانەبی، قادر،٢٠١٨،٥٨). سەبارەت بە ناساندنی بەبەرهەمی لە لایەن زمانەوان و توێژەرانەوە، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم دیاردەیە خراوەتەڕوو، ئەم جۆراوجۆرییەش بۆ سروشتی دیاردەکە دەگەڕێتەوە، چونکە دیاردەیەکی پەیوەندیدارە بە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان بەگشتی و ئاستە جیاوازەکانی زمان بەتایبەتی. لێرەدا چەند پێناسەیەکیان دەخەینەڕوو:

دێڤید کریستاڵ دەڵێت: بەبەرهەمی بریتییە لە (چالاکی بەکارهێنانی زمان لە قسەکردن و نووسین و بەکارهێنانی هێماکاندا) (Cristal,1992,314).

کەتامبا پێی وایە: بەبەرهەمی زمانی دیاردەیەکی گرێدراوە بەکاتەوە، دەکرێ دیاردەیەکی زمانی بەرهەمداربێت لە قۆناغێکی دیاریکراودا، بەڵام بە تێپەڕبوونی مێژوو ئەم توانایەی لە دەست بدات و ببێت بە دیاردەیەکی بێبەرهەم، بە پێچەوانەوە (Katanba,1993,67).

بە بڕوای چۆمسکی بەبەرهەمی بریتییە لە: (بەرهەمهێنانی ڕستە و دەربڕاوی نوێی زمانی لەسەر بنەمای چەند یاسا و ڕێسایەکی سنووردار و دیاریکراو، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگی زمانی مرۆڤە و لەم بوارەدا مرۆڤ داهێنەرە). (مستەفا،٢١،٢٠١٩).

دلێر صادق و سامی حوسێن، لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی (بەبەرهەمی پڕۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا) پێیان وایە: (بەبەرهەمی تایبەتمەندییەکی زمانی مرۆڤە و لە زمانی گیانەوەرانی دیکەدا نییە، بە جۆرێک مرۆڤ بەهۆی ئەو توانا و سیستەمە زمانییەی لە مێشکیدا هەیە، دەتوانێت کۆمەڵێک کردەی لێکدانی دانەکانی زمان لە ئاستە جیاوازەکاندا ئەنجامبدات و بەرێژەی جیاواز فۆرمی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەم بهێنێت) (کانەبی، قادر،٥٩،٢٠١٨).

دانا تەحسین و ژینۆ بەختیار لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی (بەبەرهەمیی گیرەکە وشەداڕێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا) دەڵێن: بەبەرهەمی ڕێژەی توانای کەرستە زمانییەکان لە بەرهەمهێنانی کەرستەی نوێ بەپێی ڕێسا و یاساکانی زمانەکە دەگەیەنێت (محمد، هاشم،٧٣،٢٠٢٠).

بەوردبوونەوە لەم پێناسانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین: بەبەرهەمی زمانی بریتییە لە چالاکی یەکە زمانییەکان لە بەکارهێنانداً.

### ١_١_٢_١) بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی

کاتێک سەیری ئاستی مۆرفۆلۆژی دەکەین دەبینین یەکێکە لەو ئاستانەی زمان، کە زۆر بەڕوونی دیاردەی بەبەرهەمی تیایدا بەرچاو دەکەوێت، هەر لە ڕێژەی بەکارهێنانی وشە و مۆرفیمەکانییەوە بگرە تاکو دەگاتە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێگاکانی دروستکردنی وشە لە زماندا. بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەکارهێنانی وشە و مۆرفیمەکانی زمان بکەین لە بوارە جۆراوجۆرەکان و لای چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک وشە و مۆرفیمی زمان بەکارهێنانێکی چالاک و فراوانتریان هەیە بە بەراورد بە بەشێکی تریان، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەکانی (ئاو، نان، منداڵ، باوک...) بکەین، دەبینین ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر فراوانە و لەلایەن هەموو چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێندرێن بەهۆی پەیوەستبوونی ڕاستەوخۆی ئەو وشانەوە بە ژیانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بەڵام لە بەرانبەردا وشەکانی وەکو: (مۆرفیم، فۆنیم، مایکرۆ بایۆلۆژی، قەوزە...) ڕێژەی بەکارهێنانیان لە کۆمەڵە وشەی پێشوو کەمترە بەهۆی ئەوەی ئەم وشە و زاراوانە پەیوەستن بە بوارێکی دیاریکراو و لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بەکار ناهێندرێن. ئەمەش بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە ڕێژەی چالاکی بەکارهێنانی وشە و مۆرفیمەکانی زمان لەگەڵ یەکتری جیاواز دەبێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا. لە لایەکی ترەوە کاتێک سەیری پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دەکەین زۆر بەڕوونی دیاردەی بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی بەرچاو دەکەوێت هەندێک پرۆسەی مۆرفۆلۆژی زۆر چالاک و بەرهەمدارن بەڵام بەشێکیان ناچالاک و کەم بەرهەمن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا (یاسای ""ناو + پاشگر"" یاسایەکی مۆرفۆلۆژی بەبەرهەمە و دەتوانێت لەگەڵ زۆربەی دانەکانی زماندا وشەی نوێ دابڕێژێت، بۆیە یاسایەکی بەبەرهەمە، بەڵام یاسای ""پێشگر + ناو"" بۆ دارشتنی وشەی نوێ، هێندەی ئەو یاسایەی

سەرەوە بەبەرهەم نییە) (سعید،٢٠١٣،١٥). بەڵام دەکرێت لە ئەنجامی گۆڕانی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمان ئەم دیاردەیەش گۆڕانی بەسەردا بێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بەبەرهەمی وەکو دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژی سەیریکراوە. (ئەحمەد،١٠،٢٠١٠). واتە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دەکرێت دانەیەکی مۆرفۆلۆژی زۆر بەرهەمدارتر بێت لە دانەیەکی تر، شیانی ئەوەی هەیە بەڕێژەیەکی بەرز بەکار بهێندرێت لە زماندا بە بەراورد لەگەڵ دانەیەکی تری مۆرفۆلۆژی (Aronoff, Fudeman,2011,228).

**١_١_٢_٢) پلەکانی بەبەرهەمی**

یەکە زمانییەکان بە ڕێژەی جیاواز بەشدارن لە پرۆسە جیاوازەکانی زماندا (بەبەرهەمی لە زمانی مرۆڤدا، ئاماژە بە توانای سروشتی مرۆڤ دەکات لە کردەی لێکدان و خستنەپاڵی کەرستە و دانەی ئاستە جیاوازەکاندا، بەپێی چەند یاسایێکی تایبەت و دیاریکراو، کە لە مێشکدا هەڵگیراون، ئەم یاسایانەش هەندێکیان ژمارەیەکی زۆر یەکەی نوێ بەرهەمدێنن هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە، بوونی ئەم جیاوازییەش بەشێوەیەکی گشتی بەبەرهەمی و بێبەرهەمی یاساکانی زمانە) (سعید،١٠،٢٠١٣). واتە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دەکرێت پڕبەرهەم یان بێبەرهەم بێت، ئەمەش ڕووندەبێتەوە لە ڕادەی بەکارهێنانیان لە دروستکردنی وشەی نوێدا (Bauer,1983,100).

بەبەرهەمی مۆرفیمێکی زمان پەیوەستە بە ڕێژەی چالاکی و ئاستی بەشداریکردنی مۆرفیمەکە لەگەڵ زۆرترین بناغەدا و ڕادەی چەند بارەبوونەوەی لەگەڵ زۆرترین بناغەدا (مستەفا،٤١،٢٠١٩). کاتێک سەیری گیرەکی ڕێزمانی کۆکردنەوە /ان/ دەکەین بە بەراورد بە ئەلۆمۆرفەکانی کە بریتین لە /هات، جات، وات/. دەبینین /ان/

بەکارهێنانێکی زۆر فراوانی هەیە و مۆرفیمێکی پڕ بەرهەمە بەڵام ئەلۆمۆرفەکانی تری زۆر بێبەرهەمن و بەکارهێنانێکی زۆر کەمیان هەیە.

سەبارەت بە پلەکانی بەبەرهەمی (Bauer) سێ پلە دەستنیشان دەکات کە بریتین لە (پڕبەرهەم، نیمچە بەرهەم، بێبەرهەم). (Bauer,2001,16).

**١_١_٢_٢_١) پڕ بەرهەم**

دانەیەکی زمان پڕ بەرهەم دەبێت ئەگەر هاتو لە چوارچێوەی زمانەکەدا بەکارهێنانێکی فراوانی هەبێت، توانای دووبارەبوونەوەی هەبێت لەگەڵ زۆرترین بناغەدا، واتە چالاکی و ڕادەی بەکارهێنانی ئەم دانە زمانییە وادەکات، کە وەک دانەیەکی زمانی پڕ بەرهەم دابندرێت لە زماندا. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پرۆسەی پۆلگۆڕینی ناو بکەین بۆ ئاوەڵناو، دەبینین گیرەکی /بێ/ ڕۆڵێکی چالاک دەگێڕێت لەم پرۆسەیەدا توانای دووبارەبوونەوەی هەیە لەگەڵ زۆرترین بناغەدا وەک: (بێهۆش، بێهێز، بێخەم، بێسۆز، بێسود، بێتام...) بەڵام لە هەمان پرۆسەدا گیرەکی /ین/ بەکارهێنانێکی ناچالاکی هەیە، تەنیا لەگەڵ چەند بناغەیەکی وەک: (ڕەنگین، شەرمین) دووبارە دەبێتەوە. ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێت، لە پرۆسەی پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو گیرەکی /بێ/ گیرەکێکی پڕ بەرهەمە بەڵام گیرەکی /ین/ لەم پرۆسەیەدا گیرەکێکی کەم بەرهەمە.

**١_١_٢_٢_٢) نیمچە بەرهەم**

بەشێک لە دانە زمانییەکان ئاستێکی ناوەندییان هەیە لە پرۆسە زمانییە جیاوازەکاندا، ئەم جۆرە دانە زمانییانە بە نیمچە بەرهەم هەژمار دەکرێن لە زماندا. بۆ نموونە کاتێک سەیری ئەو گیرەکانە دەکەین، کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا بەشێکیان

ئاستێکی مامناوەندییان هەیە لەم پرۆسەیەدا بۆیە بە نیمچە بەرهەم دادەندرێن، لەم بوارەدا کاتێک سەیری گیرەکی /وان/ و گیرەکی /کار/دەکەین، گیرەکی /وان/ لەگەڵ زۆرترین بناغەدا دووبارە دەبێتەوە وەک: (مەلەوان، باخەوان، فڕۆکەوان، پاسەوان، زمانەوان، کارەوان، گاوان، کەشتیوان...)، بەڵام گیرەکی /کار/ لە پرۆسەی دروستکردنی ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانێکی مامناوەندی هەیە لەگەڵ چەند بناغەیەکی وەک: (خوێندکار، ساختەکار، شانۆکار، کرێکار، نمایشکار، پێشکەشکار...) دووبارە دەبێتەوە. واتە کاتێک ئەم دوو گیرەکە لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە گیرەکی /وان/ گیرەکێکی پڕ بەرهەمە، بەڵام گیرەکی /کار/ گیرەکێکی نیمچە بەرهەمە.

**١_١_٢_٢_٣) بێبەرهەم**

ئەم دانە زمانییانە لەخۆ دەگرێت، کە ڕادەی بەکارهێنانیان زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، ناتوانن بەرێژەیەکی بەرز و لە دەوروبەری جیاوازدا دووبارە ببنەوە، ئەمەش وادەکات، بە دانەی بێبەرهەم هەژمار بکرێن لە زماندا. کاتێک سەیری ئەم گیرەکانە دەکەین/هات، وات، جات/، کە بۆ کۆکردنەوە بەکاردێن لە زاری کوردی ناوەڕاستدا، دەبینین بەکارهێنانێکی زۆر کەمیان هەیە تەنیا لەگەڵ چەند وشەیەکی وەک: (میوەجات، دێهات، سەوزەوات، شووشەوات) بەکار دەهێندرێن بۆیە بە بێبەرهەم دادەندرێن لە زمانی کوردیدا.

**١_٢) ئیدیۆم و واتاکەی لە زماندا**

ئیدیۆم لە گشت زمانەکانی جیهاندا بەرچاودەکەوێت و بەکارهێنانێکی بەرچاوی هەیە لە چوارچێوەی زماندا، لەم تەوەرەدا تیشک دەخەینە سەر چەمک و ناساندنی ئیدیۆم و واتای ئیدیۆم لە زماندا.

### ١_٢_١) ناساندنی ئیدیۆم

ئیدیۆم دانەیەکی زمانیی لێڵە و پێناسە و تێروانینی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لێرەدا چەند پێناسەیەکی ئیدیۆم دەخەینەڕوو:

تراسک دەڵێت: ((ئیدیۆم دەربڕینێکە لە دوو وشە، یان زیاتر پێکدێت، واتاکەی لە کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە دەست ناکەوێت) (Trask,1993,132).

کریستاڵ لە بارەی ئیدیۆمەوە دەڵێت: ئیدیۆم چەمکێکە واتایەکی تایبەتی هەیە، لە بواری ڕێزمان و لێکسیکۆلۆژیدا بەکاردێت، واتاکەی لە ڕووی سینتاکس و واتاسازییەوە سنووردار دەکرێت، وەک یەکەیەکی یەکگرتوو ئەرک دەبینن (Cristal,2008,236).

محەمەد مەعرووف فەتاح پێی وایە: ((بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن. ئەو واتایەی کە دێتە کایەوە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە لە واتای کەرتەکانەوە یان پەیوەندیی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت)) (فەتاح،١٦٧،٢٠١٠).

فەتاح مەمە دەڵێت: ((ئەو دەربڕینانەن کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بەڵام لە ژێرەوە زڕدانەی واتاسازین، لە سەری ڕێکەوتوون و خۆیان لە زماندا چەسپاندووە)) (عەلی،٣٨،١٩٩٨).

بەسوود وەرگرتن لەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین ئیدیۆم دانەیەکی زمانییە، واتایەکی تایبەتی هەیە، واتاکەی لە کۆی گشتی واتای دانە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەست ناهێندرێت، بەڵکو واتای دیاریکراو و تایبەت بەخۆی هەیە.

### ١_٢_٢) واتای ئیدیۆمی

واتای ئیدیۆم وەک واتای وشە ئاساییەکانی تری زمان بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و پێشبینی ناکرێت. واتە (چەمکی ئیدیۆم و واتا و ڕەهەندەکانی بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات) (کەریم،

عەزیز،٩،٢٠٢٠). ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی گوێگر لەبەرئەوەی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئیدیۆم ئەوەیە، کە پێویستە لە یادگەدا هەڵبگیرێت (حسەین،٢١٨،٢٠١١). واتە واتای ئیدیۆم، تاڕادەیەکی زۆر، سنووردار و جێگیر و دیاریکراوە و ناتوانرێ وەکو (مێتافۆڕ)، بەپێی دەوروبەر و بابەت، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت)) (شەمس،٩،٢٠١٧).

واتای ئیدیۆم بە زانینی واتای کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە بەرجەستە نابێت، چونکە ئیدیۆمەکان لە چوارچێوەی زماندا واتای جێگیر و تایبەت بەخۆیان هەیە. واتای ئیدیۆم لە فەرهەنگ و دانە زمانییە پێکهێنەرەکانییەوە بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو واتاکەی لە کلتوور و دەوروبەری نافەرهەنگییەوە ڕووندەبێتەوە. (کەریم، عەزیز،١٠،٢٠٢٠؛ حسەین،٤٩،٢٠٠٩؛ حسەین،٢١٩،٢٠١١). بۆ نموونە کاتێک سەیری ئیدیۆمی (زمان درێژ) دەکەین لە ڕێگەی واتای فەرهەنگی وشە پێکهێنەرەکانییەوە نەگەین بە واتای ئیدیۆمەکە، بەڵکو ئیدیۆمەکە واتاییکی تایبەتی هەیە جیاوازە لە واتای فەرهەنگی وشەکانەوە، کە بەکەسێک دەوترێت، کە چەنەباز و زۆربلێ بێت و زیاتر لە ئەندازەی خۆی لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانەوە قسە بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەڕێگەی واتای فەرهەنگی وشەکانەوە ناگەین بە واتای ئیدیۆمەکانی زمان بەڵکو بەمەبەستی تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆمی پێویستە پشت بە پاشخانی ڕۆشنبیریی خۆمان و فەرهەنگی تایبەتی ئیدیۆم ببەستین، چونکە واتای ئیدیۆم لە واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی گەورەترە، واتای وشەکان بەرەو واتای ئیدیۆمەکە نامانبات، زۆجار ڕێگەشمان لێ هەڵە دەکات (فەتاح،١٧٥،٢٠١٠).

## ٢) ئاستی بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا

لەم بەشەدا تیشک دەخرێتە سەر دەستنیشانکردنی ڕێژەی بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا، کاتێک سەیری ئیدیۆمەکانی زمانەکەمان دەکەین بۆمان دەردەکەوێت، ئەندامە پێکهێنەرەکانی جەستەی مرۆڤ ڕۆڵێکی کارایان هەیە لەم ڕوانگەیەوە. دەبینین چەندین ئەندامی جەستەمان ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. دەبینین: (زمان ، دەست...) بەشدارن لە بنیادنانی چەندین ئیدیۆم لە زمانەکەماندا بۆ نموونە ئیدیۆمەکانی (زمان پیس، زمان درێژ، زمان شیرین، زمان شڕ، زمان دڕاو، دەست لێ شوشتن، دەست و پێ سپی، دەستپاک، دەست کورت، دەست پیس، دەست بەستراو، دەست بەتاڵ...). ئەمانە و چەندین ئیدیۆمی تر بە بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ بەرهەم هاتوون لە زمانەکەماندا. ئەمەش بۆمان ڕووندەکاتەوە، پڕۆسەی بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە دروستکردنی ئیدیۆمدا، پڕۆسەیەکی بەبەرهەمە. لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی بەرهەمداری ئەندامانی جەستەمان لە دروستکردنی ئیدیۆمدا. بەمەبەستی دەرکەوتنی ڕێژەی بەشداری ئەندامە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ لەم پڕۆسەیەدا. فەرهەنگی (فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کودیدا) لە نووسینی (عەبدولوەهاب کانەبی شەریف) وەک نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشانکراوە و ئیدیۆمەکان و ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان لەم فەرهەنگە وەرگیراوە. واتە ئەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ، کە بەشداری دەکەن لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کراون، بۆ ئەم مەبەستە هەر ئەندامێک، کە ئەم ڕۆڵەی بینیبێت وەرگیراوە و چەند نموونەیەکی بۆ خراوەتەڕوو. بەمەش

ژمارەی ئەم ئەندامانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. لەلایەکیترەوە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی هەر ئەندامێک لەبەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا دەستنیشانکراوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕێژەکە لەو فەرهەنگە وەرگیراون، کە کراوە بە نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەندامە جیاوازەکان بەپشتبەستن بە فەرهەنگەکە خراوەتەڕوو.

**٢_١) سەر**

یەکێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، کە بەشداری لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکدا دەکات لە زمانی کوردیدا. وەک: (سەر بڵند، سەر شۆڕ، سەر بەهەش، سەر سووک، سەر هەڵگرتن...). بە گشتی ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٢٩) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٩.٠٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٢) لووت**

ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بەشداری لە بنیادنانی چەند ئیدیۆمێکدا دەکات لە زمانی کوردیدا. وەک: (لووت بەرز، لووت بڕاو...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٧) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٢.١٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٣) جەرگ**

یەکێکی تر لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، کە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا بریتییە لە جەرگ، بەشدار دەبێت لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکدا. لەوانە: (جەرگ بڕ، جەرگ سووتان، بەجەرگ، بێجەرگ...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٧) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٢.١٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٤) چاو**

چاو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانەکەماندا، کە بەشدار دەبێت لە بەرهەمهێنانی چەندین ئیدیۆمی جیاوازدا. بۆ نموونە: (چاوبرسی، چاو قایم، چاوشۆڕ، چاوکراوە، بەچاو، چاوپیس...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٢٧) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٨.٤٦٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٥) قۆڵ**

ئەمەش یەکێکی ترە لەو ئەندامانەی، کە بەشداری لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم دەکات لە زمانەکەماندا، وەک: (قۆڵبڕ، قۆڵ شکاندن...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٧) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٢.١٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٦) دەم**

ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە ڕۆڵێکی چالاک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا دەگێڕێت لە زمانی کوردیدا. بۆ نموونە: (دەم درێژ، دەم بەردان، دەم پیس، دەم ڕاست، دەم ڕووت، دەم گەرم...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٢٣) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٧.٢١٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٧) دەست**

یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی جەستەی مرۆڤ دەستە، کە توانستێکی بەرزی لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا هەیە لە زمانەکەماندا. وەک: (دەست و پێ سپی، دەستپاک، دەست کورت، دەست پیس، دەست بەستراو، دەست بەتاڵ، دەستێکی لە پشتە، دەست ڕەش، دەست کراوە، دەستە ڕاست، دەستە چەپ، دەستە وەستان، دەستبڕ، دەست بڵاو...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٦٢) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (١٩.٤٤٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٨) زگ**

ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بەشدارە لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکدا. بۆ نموونە: (زگ سووتاو، زگ تێر، زگ دڕاو...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (١٣) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٤.٠٨٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٩) زمان**

ئەندامێکی چالاکە لە ژیانی مرۆڤدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا هەیە لە زمانی کوردیدا. لەوانە: (زمان پاک، زمان پیس، زمان درێژ، زمان شیرین، زمان شڕ، زمان دڕاو، زمان لووس...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٢٤) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٧.٥٢٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٠) دڵ**

یەکێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بەشدارە لە بەرهەمهێنانی چەندین ئیدیۆم لە زمانەکەماندا. وەک: (دڵساف، بەدڵ، دڵپاک، دڵڕەق، دڵ سووتاو، دڵ داکەتن، دڵ پێ سووتان، دڵ پیس، دڵتەنگ، دڵڕفێن، دڵ شکاو...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٢٩) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٩.٠٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١١) پێ**

پێ یەکێکە لە ئەندامەکانی تری جەستەمان، کە بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا دەکات لە زمانی کوردیدا. وەک: (پێ داگرتن، پێ گران، پێ ڕەش، ژێر پێ کەوتن...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٧) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٢.١٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٢) ئەژنۆ**

یەکێکی تر لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، کە ڕۆڵی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم دەگێڕێت لە زمانی کوردیدا ئەژنۆیە، بەشدارە لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکدا. بۆ نموونە: (ئەژنۆ شکاو، ئەژنۆ دەلەرزین...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٤) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (١.٢٥٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٣) ئێسک**

ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە، ڕۆڵی بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێک دەبینێت لە زمانی کوردیدا. بۆ نموونە : (ئێسک سووک، ئێسک گران، ئێسک شکێن). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٦) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (١.٨٨٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٤) دەمار**

ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا دەکات لە زمانەکەماندا. وەک: (بەدەمار، بێدەمار...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٣) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٠.٩٤٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٥) پشت**

ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێک لە زمانی کوردیدا. وەک: (پشت ئەستوور، پشت تێکردن، پشت پێبەستن...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (١٤) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٤.٣٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٦) ڕوو:**

پێکهێنەرێکی تری جەستەی مرۆڤ ڕوو/ڕوخسارە، بەشدارە لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکی زمانەکەمان. وەک: (ڕوو زەرد، ڕوو سپی، ڕوو ڕەش، ڕوو سارد، ڕوو سوور، ڕوو شکێن، ڕوو قایم...).

ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (١٣) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٤.٠٨٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٧) سمێڵ**

یەکێک لە پێکهێنەرەکانی جەستەی مرۆڤ سمێڵە، ڕۆڵ دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکی زمانی کوردی. وەک: (سمێڵ قیت، سمێڵ چەورکردن...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٤) ئیدیۆمداکردووە،کەڕێژەی (١.٢٥٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٨) شان**

یەکێکی تر لە ئەندامەکانی جەستەمان، کە بەشدارە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. وەک: (شان بە قوڕ، شان دانەبەر، شان داخستن...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٧) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٢.١٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_١٩) قوڕگ**

یەکێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ڕۆڵ دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێک لە زمانی کوردیدا. وەک: (قوڕگ دڕاو، قوڕگ گرتن...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٢) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٠.٦٣٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٢٠) مل**

یەکێکە لە ئەندامە پێکهێنەرەکانی جەستەی مرۆڤ، کە بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانەکەماندا. وەک: (مل پان، مل شکان، مل شۆڕ، مل کەچ، مل نەدان...). ئەم ئەندامە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (١٤) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٤.٣٩٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٢١) گوێ**

ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بەشداری لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا دەکات. وەک: (گوێ لە مست، گوێ بە گوێ، گوێ لێبوون، گوێ بەل، گوێ لەق...). ئەمئەندامەبەشداریلەبەرهەمهێنانی (٩) ئیدیۆمدا کردووە، کە ڕێژەی (٢.٨٢٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٢٢) لاق**

ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە ڕۆڵ دەبینێت لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێک لە زمانی کوردیدا. بۆ نموونە : (لاق شکاندن، لاق بەتەڵەوەبوون، لاق چەقاندن، لاق درێژ...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٤) ئیدیۆمدا دەکات، کەڕێژەی (١.٢٥٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

**٢_٢٣) ناوک**

ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەمان، لە بەرهەمهێنانی چەند ئیدیۆمێکی زمانی کوردیدا بەشداری دەکات. وەک: (ناوکم کەوت، ناوک هێنانەوە، ناوک گرتنەوە...). ئەندامەکە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٤) ئیدیۆمدا دەکات، کەڕێژەی (١.٢٥٪)ی کۆی گشتی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنێت.

لە کۆتاییدا گەیشتین بەو ئەنجامەی، کە بە گشتی (٢٣) ئەندامی جەستەی مرۆڤ بەشداری لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا دەکەن لە زمانی کوردیدا. لەم خشتەیەی خوارەوەدا دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی هەر یەکێک لە ئەندامەکان خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١) ناو، دووبارەبوونەوە، ڕێژەی بەبەرهەمی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا

| | ناوی ئەندامەکان | ژمارەی دووبارەبوونەوە | ڕێژەی بەبەرهەمی |
|---|---|---|---|
| ١ | پشت | ١٤ | %4.39 |
| ٢ | پێ | ٧ | %2.19 |
| ٣ | جەرگ | ٧ | %2.19 |
| ٤ | چاو | ٢٧ | %8.46 |
| ٥ | دڵ | ٢٩ | %9.09 |
| ٦ | دەست | ٦٢ | %19.44 |
| ٧ | دەم | ٢٣ | %7.21 |
| ٨ | دەمار | ٣ | %0.94 |
| ٩ | ڕوو | ١٣ | %4.08 |
| ١٠ | زگ | ١٣ | %4.08 |
| ١١ | زمان | ٢٤ | %7.52 |
| ١٢ | سمێڵ | ٤ | %1.25 |
| ١٣ | سەر | ٢٩ | %9.09 |
| ١٤ | شان | ٧ | %2.19 |
| ١٥ | قورگ | ٢ | %0.63 |
| ١٦ | قۆڵ | ٧ | %2.19 |
| ١٧ | لووت | ٧ | %2.19 |
| ١٨ | مل | ١٤ | %4.39 |
| ١٩ | ئێسک | ٦ | %1.88 |
| ٢٠ | ئەژنۆ | ٤ | %1.25 |
| ٢١ | گوێ | ٩ | %2.82 |
| ٢٢ | لاق | ٤ | %1.25 |
| ٢٣ | ناوک | ٤ | %1.25 |
| کۆی گشتی | | ٣١٩ | 100.00 |

داتا و ئامارەکانی ئەم خشتەیە نیشانمان دەدات، کە پرۆسەی بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا پرۆسەیەکی بەبەرهەمە، کە (٢٣) ئەندامی جەستە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی (٣١٩) ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. دەست چالاکترین ئەندامە، کە بە ڕێژەی (١٩.٤٤٪) بەشدارە لە پێکهێنانی ئیدیۆمەکاندا، قوڕگ سستترین ئەندامە تەنها بە ڕێژەی (٠.٦٣٪) بەشدارە لە پێکهێنانی ئیدیۆمەکاندا. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا بەوێنە ڕێژەی بەشداری گشت ئەندامەکان خراوەتەڕوو:

وێنەی ژمارە (١) ڕێژەی بەشداری ئەندامەکان لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا



## ئەنجامەکان

١. ئەو داتایەی کە بەدەستهاتووە بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە پڕۆسەی بەشداری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆمدا پڕۆسەیەکی بەبەرهەمە، چونکە بە گشتی (٢٣) ئەندام ئەم ڕۆڵە دەبینن و بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٣١٩) ئیدیۆمدا دەکەن لە زمانی کوردیدا.

٢. دەست چالاکترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، کە بە ڕێژەی (١٩.٤٤٪) بەشداری لە پێکهێنانی ئیدیۆمەکاندا دەکات.

٣. قوڕگ سستترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، تەنها بە ڕێژەی (٠.٦٣٪) بەشداری لە پێکهێنانی ئیدیۆمەکاندا دەکات.

٤. بەپێی ڕێژەی بەشدارییان لە پڕۆسەکەدا ئەندامەکانی (دەست، دڵ، سەر، چاو، زمان، دەم، پشت، مل، ڕوو، زگ) بە پڕ بەرهەم هەژمار دەکرێن لەبەرئەوەی بەڕێژەیەکی بەرز بەشدارن لە پڕۆسەکەدا، ئەندامەکانی (گوێ، پێ، جەرگ، شان، قۆڵ، لووت، ئێسک) بە نیمچە بەرهەم دادەندرێن، چونکە بە ڕێژەیەکی مامناوەند بەشدارن لەم پڕۆسەیەدا، بەڵام ئەندامەکانی (سمێڵ، ئەژنۆ، لاق، ناوک، دەمار، قوڕگ) بە بێبەرهەم دادەندرێن، بەهۆی کەمی ڕێژەی بەشدارییان لە پڕۆسەکەدا.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی


- ئەحمەد، نەرمین عومەر (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٣). پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- شەمس، هێمن عبدالحمید (٢٠١٧)، پۆلێنکردنی ئیدیۆم بەپێی تیۆری سیماکان و جۆرەکانی کەسێتی، (گۆڤاری زانکۆی کۆیە)، ژمارە (٤٣)، زانکۆی کۆیە.
- عەلی، فەتاح مامە (١٩٩٨). ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە وئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کانەبی، دلێر صادق، قادر، سامی حوسێن (٢٠١٨)، بەبەرهەمی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، (گۆڤاری توێژەر) بەرگی یەکەم، ژمارە (٢)، زانکۆی سۆران.
- کەریم، ڕزگار ئیسماعیل، عەزیز، تەلعەت محەمەد (٢٠٢٠)، پراگماتیکی ئیدیەم لە زاری کوردی ناوەڕاستدا، (گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە(٤٦)، هەولێر.
- محمد، دانا تحسین، هاشم، ژینۆ بەختیار (٢٠٢٠)، بەبەرهەمیی گیرەکە وشە داڕێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا، (گۆڤاری توێژەر)، بەرگی (٣)، ژمارە (١)، زانکۆی سۆران.
- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**بە زمانی ئینگلیزی**


- Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, $6^{th}$ ed, Blackwell publishing.
- Crystal, D. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, First published, U.S.A .
- R. L. Trask (1993), A dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London and New York, Rutledge.
- Aronoff, M. and Fudeman, K. (2011), What is morphology? (Vol. 8). John Wiley & Sons.
- F. Katamba, (1993), Morphology, first Edition, New York.
- Bauer, Laurie. (1983), English Word Formation. Cambridge: Cambridge University Press.
- Bauer, Laurie. (2001), Morphological productivity, Cambridge university press.

**الملخص**

## أجزاء جسم الإنسان
## في عملية إنتاج الإيديوم في اللغة الكوردية

يلقي هذا البحث الضوء على نسبة مشاركة أجزاء جسم الإنسان في عملية إنتاج الإيديوم في اللغة الكوردية. هدف البحث بيان إنتاج الإيديوم، مع التركيز على مشاركة أعضاء الجسم من ناحية، ومن ناحية أخرى نسبة مشاركة كل عضو في عملية إنتاج الإيديوم.

أجري البحث في ضوء المنهج الوصفي الإحصائي. بالإضافة إلى المقدمة والنتائج يضم البحث مبحثين: في المبحث الأول تم الحديث عن إنتاج الإيديوم، والمبحث الثاني تناول تلك الأعضاء من جسم الإنسان التي تشارك في عملية إنتاج الإيديوم مع بيان نسبة مشاركة كل عضو منها.

في نهاية البحث وصلنا إلى نتيجة مفادها أن (٢٣) عضوا من أعضاء جسم الإنسان تشارك في إنتاج (٣١٩) إيديوما في اللغة الكوردية. اليد هو العضو الأكثر نشاطا حيث يشارك في إنتاج الإيديومات بنسبة (٪١٩.٤٤)، والحلق هو العضو الأضعف حيث يشارك بنسبة (٪٠.٦٣) فقط في إنتاج الإيديومات في اللغة الكوردية.

الكلمات الدالة: انتاجية، الإيديوم، كامل منتج، شبه منتج، غير منتج،

# Abstract

## Productivity of human organs in the process of producing idiom in Kurdish language

This study describes on represent the rate of the productivity of human organs in the process of producing idiom in Kurdish language. The aim of the research is to prove the productivity of this linguistic process; it determines the organs that participate in this process on the one hand, and the rate of participating each organ in the process of producing idiom on the other hand.

The study relied on descriptive statistics methodology. It consists of two chapters in addition to an introduction and results. The first chapter explains the phenomenon of productivity and idiom and the second chapter clarifies the organs of human participating in the process of producing idiom, the rate of each organ in the production is determined.

Consequently, the research revealed that 23 human organs contribute to producing 319 idioms in Kurdish language. The most active organ is hand which contributes to producing idioms by 19.44 percent. In contrast, throat is the least active human organ which only takes part in producing human organs by 0.63 percent in Kurdish language.


Keywords: Productivity, idiom, fully productive, semi-productive, unproductive